www.kurdistannet.org
1-3-2007 0:02 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تەک پەنجەکانت هەڵوەری و موو بێت لە زمانت جەزا چنگیانی. . . ٭سەرکەوت کەمال

هەولێر

مرۆڤ ئەگەر ئارەزوی بێت ڕەوشتی جوان بێت ئەوا هەموو تەمەنی بەشی ئەو ئارەزوەی ناکات چونکە ئارەزومەند هەرگیز تێر نابێت لە ئاست پێشکەوتنی ئەو حەزە بەپێچەوانەوە ئەگەر مرۆڤ بیەوی سروشتی خۆی یان بابڵێین ڕەوشتی ناشیرین و قێزە ون بکات ئەوە لە چەند چرکە ساتێکدا دەتوانی ببێتە مرۆڤێکی ناشیرین و ناپاك و بی کەڵکی ناو کۆمەڵگا وە هەندێك مرۆڤ هەیە چێژ لە و کارەی دەبینی کە خۆی بکات بە کەسێکی ناشیرین و ناحەز لە نێو کۆمەڵگا و ببێتە نیشانەیەك بۆ پەنجە خستنە سەری وەك مرۆڤێکی قێزەون.

لێرەدا دەمەوی تیشك بخەمە سەر بابەتێکی جەزا چنگیانی کە تاوانە بیخەیتە خانەی نوسەران چونکە ئەو کەللەپوتە ئەوەندە ناشیرین و قێزە ون بوە گوناهە پێشی بڵی مرۆڤ، بابەتی هاوشێوەی جەزا هەڵبەت لە زبڵخانەکەی (کەمالی جەمال موختار) نەبێت لە هیچ شوێنێکی تر بڵاو ناکرێنەوە ئەوەیان گومانی تێدا نیە، جەزای بێهۆش و تلیاك خۆر ئەو خۆزگەیەی خواستوە یان خەو بە مردنی سەرۆکێکی گەورەوە دەبینی کە خۆزگەیەکە و خەونێکە جگە لە تورك و عەرەب هتد. . . . بروا ناکەم خەون و ئارە زووی هیچ کەسێکی تر بێت ئیتر بۆ حەقی خۆی نیە بڵێین (جەزا تورك یان کەمالی)، (جەزائەردۆغان) خۆزگەی تەنها بە مردنی سەرۆك نە خواستوە بە ڵکو خۆزگەی بە مردنی ملیۆنان خەڵك خواستوە ئەوەشیان ئەگەر بەراورد بکەین ڕێك لەگەڵ حەزی دیکتاتۆر سەدام حسێنی گۆڕ بەگۆڕ هاوشێوەیە ئاخر سەددام چێژی لە مردنی بە کۆمەڵ وەردەگرت وەك (جەزا عەفلەقی)، لێرەدا دەبی بڵێین باش بوو (جەزا یاسین ڕەمەزان) دەسەڵاتدار نەبوو ئەگینا جارێکی ترگەلی کورد کیمیا باران و ئەنفال و تەعریب و تەسلیم بونی دەبینی بەخۆیەوە یان باش نەبوو (جەزا بەندەر) کارتی پێوانەیی کەسایەتیە سیاسیەکانی بەدەست نەبوو ئەگینا ئەبوو بە هیتلەری هەزارەی سێیەم و دانی نەئەنا بە بەشەرێك، خۆ (جەزائۆغلوو) دەمێکە ڕایکردووە لە واقعی کوردستان و ڕۆژێك لە ڕۆژان تاڵی و سوێری نە بینیوە ئەگینا ئێستا تێکڕای گەلی کوردی دەکرد بە تورکی کێوی، (ئایەتوڵڵا جەزا) کەی واز لە نۆکەرایەتیکردن دەهێنێت کەی دەبێت بە مرۆڤ و ویژدانێك بۆ خۆی پەیدا دەکات ئەوەندەی ئەو نامرقە سوکایەتی بە خەڵکی تێکۆشەر دەکات ئەوەندە دوژمنانی نەتەوەی کورد نەیانکردووە بە نەتەوەی کورد ئەوەندەی ئەو چڵپاو خۆری کردووە ئەوەندە جاشەکانی فەوجە خەفیفەکان نەیانکردووە بۆیە (ئایەتوڵڵاجەزا) هەست بە نەقسێکی دەرونی زۆر گەورە دەکات دەیەوی لەرێی زبڵخانەی کوردستان پۆست بە کەیفی دڵی برشێتەوە بێگومان جەزا تەنها دەتوانێت لەوی برشێتەوە چونکە ئەوی زبڵخانەیەو هەر ئەو جۆرە کەسانەی لە دەورە کۆ دەبێتەوە، تەنها خۆزگەی کە من هەمە و داوا لە تێکڕای کوردە خاوەن هەڵوێستەکانی جیهان دەکەم کە ناوی کوردستان پۆست لەت بکەن و ئەو کوردستانەی لێبسێننەوە چونکە حەیفە ناوی پیرۆزی کوردستان و ئاڵای شەهیدان و کۆماری مهاباد لەسەر زبڵخانە بێت، بۆیە لە کۆتاییی دا دەڵێم تەك ئاهی منداڵە شەهیدەکان بتانگری تەك پەنجەکانت هەڵوەری و موو بێت لە زمانت خوا لەوە ڕسواترت کات کە خۆت ڕسوای.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.